
# دەستێک بخەرە سەر نێوچەوانم



## لومە دەروێش

دەستێک بخەرە سەر نێوچەوانم
بیرەوەرییم بخوێنەوە
دەستێک بخەرە سەر دڵم
وێنەی خۆتی تیا بناسەوە،
من دەر و دیواری ماڵی دڵم پڕ کردووە لە وێنەی تۆ
پێموانییە کەسێک هەبێت وەکوو من ئەشقی تۆ بگرێتە خۆ،
ژنێک نییە بێت و پێمبڵێت، من بە هەق ئەوم خۆشویستووە!
پیاوێک نییە بێت و پێمبڵێت، من تاکە بەردێکی ئەنقەست چییە تێمنەگرتووە،
دەستێک بخەرە سەر نێوچەوانم

**گڕی سەرم هەمووی چرای ئەشقی تۆیە**
**بۆ هەر کوێ بچم من لە تاریکیی شەو قەت ناترسم**
**چونکە ڕۆشنایی دڵی تۆم پێیە،**
**ژنێکم لە ئازاردا ژیاوم**
**کەچیی لەو ڕۆژەوەی تۆ دەناسم**
**باخچەی گوڵ و ڕیحانە دڵ و هەناوم،**
**ئاشنای تۆم یان ئاشنای ژیان؟**
**سەیرە دڵم**
**ئەو ڕۆژانەی تۆم لا نیت ئاشنام زیاتر بە گریان،**

23.04.2007 دانیمارک